# گەندەڵی دیواری نێوان میللەت و حکومەتە



**محەمەد جەزا بەرزنجی**

لە بەرامبەر چڕی دیاردە دزێو و نە گەتیفەکانی تەواوی دامەزراو و بوارە جیاکانی کۆمەڵگەدا، خوێندنەوەی گەندەڵی و گەندەڵناسی قوڵتر دەڕوانێتە کەم و کوڕیەکان و بە جۆرێک لە جۆرەکان هەوڵی چارەسەر و بەرەنگاربونەوەی دەدات، لە سەرەتای نەوەدەکانی بیستیشەوە توێژەرەوەکانی پەرۆش بوو بۆ دیاری کردنی فاکتەر و دەرئەنجامەکانی گەندەڵی هەریەک بە جۆرێک پێناسەی خۆیان کردوە لە بەرامبەر گەندەڵیدا ، لە روانگەی پسپۆڕبونیان لە یەکێک لە زانستەکاندا، ئابوری ناسەکان: پڕ تر گەندەڵیەکانی نێو کۆمەڵگە دەگێڕنەوە بۆ دواکەوتویی، یاساناسەکانیش: وەک تاوانێکی لە یاسا دەرچون دەیخوێننەوە.

پسپۆڕانی زانستە سیاسیەکانیش: گەندەڵی بە سیستەمی سیاسیەوە دەبەستنەوە و پێشیان وایە گەندەڵکاری بەر بڵاو دەبێتە هۆکارێکی گرنگی بڕوا نەمانی جەماوەر بە سیستەمی حوکم. کۆمەڵناسەکانیش : گەندەڵی بە هەڕەشەکردن دەبینن لەسەر ئاکاری کۆمەڵایەتی و داب و نەریتە پۆزەتیفەکان و بەها مرۆییەکان.

لە روی کارگێڕیشەوە: پێناسە دەکرێت بە سنور بەزاندنی کارمەندی دەوڵەت و سەرپێچی کردنی لە یاساو رێساکان بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتی مادی و بە فیڕۆدانی سامانی گشتی. هەموو ئەم پێناسانە لەسەر گەندەڵی بەرامبەر بەو سەرپێچی کردنانەیە کە تاکی دەسەڵاتدار( لەسەروی دەسەڵات یان خواروی دەسەڵات) بێ، بە ئەرکەکانی خۆی هەڵنەسێت لە چوار چیوەی ئەو یاساو رێسایەی پەیوەندیەکانی نێو کۆمەڵ رێک دەخەن. ریشەداکوتانی ئەم دیاردە دزێوەش کە بە گەندەڵی دەناسرێت ، هەمیشە لە بارودۆخێکی شڵەژاو و بێ سەروەری یاسادا دەسازێ و چارەکردنیشی لەو رەوشە ئاڵۆزانەدا جۆرێک لە ڕێگری دەسەڵاتدارانەی دێتە بەردەم، گەندەڵی بە زۆری لە کۆمەڵگە دواکەوتوەکاندا رەچاو دەکرێت و گەندەڵکار پەرژینێکی پاراستنی بۆ دەرەخسێنرێت وەک پاراستنی دیبلۆماتی، ئەوەی جێی سەرنج و نەهامەتی ئەو جۆرە میلەتانەشە ، گەلێک جار خودی زوڵملێکراو خۆی دەکاتە پەرژینێکی پارستن بۆ گەندەڵکار بە هۆکاری رۆڵی لە نێو هۆز و تیرە یان دەسەڵاتی حیزبدا، فاکتەرێکی گرنگی تری پشتگیر و یارمەتی دەری گەندەڵی نەبونی میدیای ئازادە ، کاتێ میدیاش ئازاد نەبوو بەمانای راستیەکان پەردەپۆش دەبن و زەمینەی گەندەڵبون لەبار تر دەبێت ، پەردە پۆشی کە رێک پێچەوانەی ڕون و ئاشکراییە بۆخۆی و یەکێکە لە فاکتەرە چالاکەکانی زەمینە خۆشکردن بۆ پەلوپۆ هاویشتنی گەندەڵی، لە کاتێکدا ڕون و ئاشکرایی مافێکە لە مافەکانی هاوڵاتیان و ئەرکێکە لە ئەرکەکانی دەوڵەت بەرامبەر بە هاوڵاتیان و لە سایەیدا گەندڵکاری کەمتر بواری چالاکی بۆ دەرەخسێت ، ڕون و ئاشکرایی هەمیشە کارئاسانی نزیکبونەوەی نێوان دەوڵەت و هاوڵاتیان دەسازێنێت، بە پێچەوانەشەوە چون لە پەردەپۆشی و تەمو مژی لە بڕیار و رێنماییەکاندا

پرۆسەکانی بەڕێوەبردن و جێبەجێکردن گەندەڵی کارا تر لە خۆ دەگرن و قورسایی دەرئەنجامە نەگەتیفەکانیشی زیاتر دەخاتە سەر میللەت و بێزاری پەرەسێن تر دەبێت، لەم هاوکێشەیەشدا دەوڵەت و هاوڵاتیان لەیەک دور دەکەونەوە تا ئەو دەمەی نزیک بونەوەیان تەنیا لە پێک هەڵپژاندا دەسازێت ، لە روانگەی ئەزمونی وولاتانی تر، پەرەسەندنی گەندەڵی هۆکارێکی سەرەکیە لە داڕمان و هەڵوەشاندنەوەی چەندین حکومەت، بە تایبەت ئەو حکومەتانەی وەک دیاردەیەکی نوێ و نامۆ مامەڵەیەکی سەقەت لەگەڵ ئابوری ئازاد دا دەکەن، لە نێوان کەم وکوڕی و کەلێنەکانی دەم نەشارەزابون و پاراستنی بەرژەوەندە تایبەتەکان و لەسەر بنچینەی فەرامۆشکردنی بەرژەوەندە گشتیەکان و پەردەپۆشی زانیاریەکان هەمیشە گەندەڵی بازاڕ گەرمیەک بۆخۆی دەدۆزێتەوە و لەبەر رۆشنایی چەندین فاکتەر و دروستاندنی بێ بنچینەدا خۆی دەسەپێنێت ، تاوای لێ دێت تێهەڵکێشیەکی رێکخراوەیی بە خۆوە دەبینێیت و دەبێتە مەترسیەکی گەورە بۆسەر ئایندەی حکومەت و میللەتیش. مەترسیداری ئەم دیاردەیە لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و سیستەمەکانی بەڕێوەبردن و رێکخستندا هەر لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ لە کەنەفتێکدا خۆی دەبینێتەوەکە پڕە لە ترازان و بۆگەن کردن و لە ناوچون و لە ئامێزیانا خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات و پاراستنی دەستکەوتە کەسی یان تایبەتمەندەکان و گرفتباری و پێشێلکردنی بەرژەوەندیە گشتیەکانی هاوڵاتیان، لێرەشەوە جیاوازیە چینایەتیەکان فراوانتر دەبن و سامان لای کەسانێکی سنوردار کەڵەکە دەبێت و موڵک و سامانی گشتیشی تیا بە فیڕۆ دەچێت، هەندێک بۆچون ئەم دیاردەیە بە بە شیوازێکی بیرۆباثۆلۆجی ناوزەند دەکەن کە پەیوەندیدارە بە تێکچونی چۆنیەتی بەڕێوەبەرایەتی کردنی دامەزراوە فەرمی و نافەرمیەکانەوە، زۆر جاریش دەسەڵات بۆ هێورکردنەوەی ئاسەوارە نەگەتیفەکانی گەندەڵکاری لە نێو جەماوەردا دوچاری هەندێک هەنگاونانی ریفۆرمی تیوری میدیایی دەبێت و چەندین جۆری گەندەڵی دێنێتە بەر باس و لێکۆڵینەوە و ئاکام چ پراکتیزەیەکی ریفۆرمی بە دودا نایەت جگە لە چەند گۆڕانکاریەک لە روخسار و شێوەدا و لێپێچینەوەکان سنوردار دەبن و حاڵ و بارەکەش وەک خۆی دەمێنێتەوە و ئەو دەم گەندەڵی دەبێتە شا فاکتەری ترازان و تێکدانی تەواوی پەیوەندیەکانی ئابوری و کۆمەلایەتی و مرۆڤایەتی و لە سایەشیاندا چەندین دیاردەی نامۆ و نەگەتیفی تر بەدەر دەکەون هەر لە کوشتن و دزی تا دەگاتە جۆرەکانی مامەڵەکردن بە مرۆڤەوە بە تایبەت منداڵ و ژن، بڵاوبونەوەی گەندەڵی وەنەبێت لە سنورێکی دیاری کراودا خول بخوات و وەک نە خۆشیەکی درمیە و بە تەواوی دام و دەزگاو رێکخراوەکانی کۆمەڵگەدا پەرش و بڵادەبێەوە، بە گشتی کەلێنێک نامێنی خۆی تێفڕی نەدات و نەش و نمای تێدا نەکات ئەو دەمانەی زەمینەی لەباری دەبێت و پارێزراو دەبێت.

ئەوەی جێی سەرنجە لەو کۆمەڵگەیانەی چمکەکانی دەسەڵات ئاڵاوەتە گەندەڵکاری قورساییەکی گەورەی ئاسەوارە نەگەتیفەکانی خستۆتە سەر کۆمەلانی خەڵک بە تایبەت جەماوەری دور لە دەسەڵات، هەر بۆیە رۆژانە هاوڵاتی بەرەو روی سیما ناشیرینەکانی گەندەڵی دەبێتەوە هەر لە شێوازی جیبەجێکردنی مامەڵەیەکی ئاسایی نێو دەزگایەکەوە بیگرە تا بە جێبەجێکردنی مامەڵەی پرۆژەیەکی گەورە لە روی رۆتینیات و ئاپۆرەی خەڵکانی خاوەن مامەڵە و ماوەی جێبەجێکردن و سستی پرۆژەکانی خزمەتگوزاری داتەپینی ژێرخانەکانی ئابوری و ..تاد، کە هەموو ئەمانە دەرئەنجامی پەرۆش نەبون و نەبونی رێنمایی رون و ئاشکراییە و ناچار خاوەن مامەڵە یان بەرژەوەندار پەنا دەباتە بەر ئەو تاکە دەرگا کراوەیەی کە کارەکانی لێوەی بە ئاسانی و بە زویی

جێبەجێ دەبێت..! و ناچار ئەویش دەبێتە بە شێک لە پرۆسەی گەندەڵکاری، هەر بۆیە کاتێک گەندەڵی سەردەکات تەنیا لە کەسێک یان چەند کەسێکی دەسەڵاتدارا خۆنابینێتەوە، گەر وا بوایە بە ئاسانی چارەسەر دەکرا، بەڵکو دادەبەزێتە خوار بۆ پەیوەندیەکانی نێوان یەکە بچوکەکانی کۆمەڵگە و نەک هەر ئەمە بەڵکو گواستنەوەشی بۆ نەوەکانی ئایندە و تەواوی دامەزراوەکانیان.

**خوێندنەوەیەک لە ئاسەوارەکانی گەندەڵی:**

1– لە پەرۆش نەبوندا بە حاڵ و بارەکە گەندەڵی پەلدەهاوێژێتە بەرهەمە ئەکادیمیەکانەوە کە دواجار سەقەتترین بەرهەم بە کۆمەڵگە پێشکەش دەکات ، کاتێک دامەزراوێکی وەک پەروەردە و خوێندن کە سەرچاوەی بەرهەمهێنان و پێگەیاندنی کادێر و پسپۆڕی شارەزایە گەندەڵی بە جۆرێک شپرزەی دەکات سیستەمی بە زانست بونی تیا خاپور دەکرێت و بە رێگەی نارەواو نا دروست و بروانامە پسپۆریەکان بە دەست دەهێنرێت و کەسانێکی زانست نەویست دەبنە خاوەن بڕوانامەی بەرز هەر لە دکتۆرا وە بیگرە تابە پرۆفیسۆری دەگات، ئەم جۆرە بەرهەمە گەندەڵیە جارێکی تر پەخش دەبێتەوە بەناو دامەزراو و یەکە رێکخراوەییەکانی کۆمەڵگەدا.

2– لە نێو بازار گەرمی گەندەڵیدا پیاوانی سیاسەت مەدار دەبنە بازرگان و خاوەن پرۆژە گەورەکان و هاوبەشایەتی لەگەڵ کۆمپانیا بازرگانی و پیشەسازیەکانی کەرتی تایبەتدا دەکەن کە تەنیا پەرۆشی چۆنیەتی کەڵەکەکردنی سەرمایە دەبن، ئەم جۆرە تێوە گلانو مامەڵە کردنە وا دەکات هەمیشە ئەو رێنمایی و بڕیارانەی لەو جۆرە دەسەڵاتدارانەوە دەردەچن رون و ئاشکرایی پێوە دیار نەبیت و بە جۆرێکیش بێت مەیدانەکە بە قۆرخکراوی بمێنێتەوە.

3– بەرز بونەوەی ئاستی خۆشآردنەوە لە دانی باج و جۆرەکانی گومرک .

4– بەرز بونەوەی تێچونەکانی خزمەتگوزاریەکان و کەمتەرخەمی لە راپەڕاندنی پرۆژە خزمەتگوزاریەکاندا.

5– بەرزبونەوەی نرخ چ بۆ بەرهەمە خۆماڵیەکان یان بەرهەمە هاوردەکانی دەرەوەی وڵات دەرئەنجامی بەرتیل دان و هاوبەشی کردن بە بێ دانانی سەرمایە، واتە بەرز بونەوەی بەهای تێچون.

6– نەبونی ئاشکراورونی یان هەر نەبونی پلانەکانی پێشوەختی کشتوکاڵی.. پیشەسازی.. بازرگانی.. خانوبەرە و پرۆژەکانی بیناسازی. کە دەرئەنجام کلافەیەک بەرنامەی ئاڵۆز دەرەخسێنێت و ئاستەکانی بەرهەم نەک پێشناخات بەڵکو دەیانهێنێتە خوارەوە.

نمونەیەکی شارەزابون لەو بوارانەی گەندەڵی رۆڵی تیا دەگێڕی و زیان بە سامانی گشتی دەگەیەنێت و پەردەپۆشی لە مامەڵەکردندا چۆن گەندەڵی دەسازێنێت:
رۆژنامەت ( المؤتمر) 10مارت 2005 ژمارە 762
نوسینی کۆنتراکتێک لە نێوان وەزارەتی عێراقی و کۆمپانیای ( ینبوع للخلیج) پڕ چەک کردنی وەزارەتی بەرگری عێراقی بە فیشیکی عیارە 62،7 ملم بە بڕی 150 ملیۆن فیشەک، کۆ نرخی مامەڵەکە 25200000 ملیۆن دۆلارە بە پێی رێکەوتنەکە، هەر وەک لەهەمان رۆژنامەدا هاتوە و و بە دودا چونیان کردوە ، بە پێی کۆنتراکتەکە نرخی یەک

فیشەک 16 سەنت ی تێدەچیت ، بەڵام بە 4 سەنت هەیە و جێبەجێ دەبێت ، لە کۆنتراکتەکەدا نەهاتوە ناسنامەی کارگەکە ئایا (صینیە، روسیە ،کوبیە .. تاد)، ئەمە جۆرێکە لە گەندەڵی و بە فیڕۆدانی ماڵی گشتی و نە بونی ئاشکراو رونیش لە مامەڵەکەدا مسۆگەر بونی مامەڵەیەکی گەندەڵە، جا لەمەوە بیگرە تا بە هەموو بوارەکانی خزمەتگوزاری و پرۆژەکانی تر دەگات ، هەر لە پرۆژەی دروستکردنی خوێندنگەیەکەوە بیگرە تا بینای نەخۆشخانەیەک و قیرتاو کردنی شەقام و کۆڵانێک و هەموو پێداویستیەکانی ژیان، دەبێت چ سامانێک بە فیڕۆ بچێت، ئەو نمونەیەی سەرەوە ئەوە نیشاندەدات گەندەڵی تەنیا لە شتە زەقەکاندا نیە کە هەموان دەرکی پێدەکەن و لەبەرچاوانە بەڵکو تەواوی ئەو روانگانەی لە سەرەتادا ئاماژە پێدراو بوون بە تێگەیشتنەکانی یاساناسێک و کۆمەڵناسێک و ئابوری ناسێک و سیاسەتمەدارێک و کارگێری ناسێک هەموو دروستن و گەندەڵی کاتێک سەری کرد هەموو بوارەکان دەگرێتەوە و رەنگدانەوەی نەگەتیفی لەسەر هەموو بوار و بەها مرۆییەکان دەبێت. لەم حاڵ و بارانەشدا چارەسەر لە چەند سزاو گۆڕانکاریەکی بچوکدا ناسازێت بەوەی بەڕێوەبەرێک یان کارمەندێک سەرپێچی کردوە،تەواوی گەندەڵیەکان لەواندا کۆبکرێتەوە و بخرێنە سەر زاری میدیاکان و سزابدرێن بەڵکو گەڕانەوە بۆ میللەت وبەرپاکردنی شۆڕشێکی بوێرانەی دژ بە گەندەڵکاری تا هەموو بنچینەکانی گەندەڵی و هۆکارەکانی لە بنەوە هەڵتەکێنرێت و دەسەڵات ببێتە دەسەڵاتی یاسای تەواو.